سەرۆك وەزیرانی بریتانیا گۆڕانکاری لە کابینە حکومیەکەی کرد

ریشی سەناك سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ، ئەمە دووشەممە ،گۆڕانکاری لە کابینە حکومیەکەی کرد و جەمیس کلیفەرلی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بە وەرگرتنی پۆستی وەزیری ناوخە دیاریکرد و دەیڤد کامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی پێشوتریشی وەك وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دیاریکرد. جگە ئاماژەیە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، سوڵا بریڤرمانی لە پۆستی وەزیری ناوخەی وڵاتەکەی دورخستەوە کە بەهۆی چەهەك هیندییەی، لەکاتکدا پێش هەڵبژاردنە گشتییەکان کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی داهاتودا ئەنجامبدرێت، گۆڕانکاری لەکابینەکەی ئەنجامدەدات.

لە چوارچێوەی گۆڕانکاری لە کابینەکەدا، ریشی سەناك بڕیاریدا جەیمس کلیفەرلی وەزیری دەرەوەی بریتانیا بە پۆستی وەزیری ناوخە دەستنیشان بکات، هەروەها دەیڤید کامیرۆن سەرۆك وەزیرانی پێشوتری بریتانیای وەك وەزیری دەرەوە دەستنیشانکرد، کە لە ساڵی 2016دا بەهۆی ئەوەی نەیتوانی نەیتوانی بریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بمێنێتەوە، دەستیلەکارکێشایەوە.